سەرۆک وەزیران جەخت دەکاتەوە لەسەر دابینکردنی پێداویستی قوتابخانە عەرەبیەکانی کوردستان



سەرۆک وەزیران محمد شیاع سودانی ئەمڕۆ سەشەممە، جەختیکردەوە لەسەر گرنگی دابینکردنی پێداویستی قوتابخانە عەرەبیەکانی کوردستان.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- سەرۆک وەزیران چاوی کەوت بە وەزیری پەروەردە نامس جبووری و وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق ئالان حەمەسەعید .

بەیاننامەکە ئاوڕی خستەوە کە سەرۆک وەزیران گوێی گرت بە سەرجەم ئاڵنگارییەکانی بەردەم پڕۆسەی خوێندن وپەروەردە لەهەرێمی کوردستان و سەرتاپای عێراق.

سەرۆک وەزیران لەمیانەی دیدارەکەدا ئاماژەی کرد بە گرنگی دابینکردنی پێداویستییەکانی بەردەوامبوونی قوتابیانی قوتابخانە عەرەبیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هەروەها پاڵپشتکردنی فەرخوازان و ماموستایان لەپێناو پێکانی ئامانجەکان.